وەزارەتی ناوخۆ

بەیانی ژمارە (5)**ی ساڵی** 2014

پاڵپشت بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (14460 لە 2014/7/2) لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-

بە پەسەندکردنی حەرەمی نوێی گوندی (کانی پێنج شەم) سەر بە ناحیەی بازیان و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری (7) دۆنم لەسەر هەردوو پارچە زەوی ژمارە (7 و8 لە کەرتی 7 / قوشقایە) بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

ئەم بەیانە کاری پێدەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی 2014/7/23 .

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

بـــەیـــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەماددەی (10) لەیاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (6ی ساڵی 1993)ی هەموارکراو وە گەیشتنی ژمارەی دانیشتوانی شارەوانی دەرکار لە سنوری پارێزگای دهۆك بۆ (10743) هاووڵاتی بریارماندا بە:

1-گۆرینی پلەی شارەوانی دەرکار لە پلە (4) بۆ پلە (3) .

2-ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت .

بـــەیـــان

و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (7) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (6 ی سالی1993)ی هەموارکراو بڕیارماندا بە :-

1- کردنەوەی شارەوانی (کەلاتی) لە ناحیەی بجیل لە پارێزگای دهۆك .

2- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .